# جەستە پاسیڤبووەکان

جەمال پیرە

من تا ئەو لەحزەیەی دوای زەنگ لێدانەکە نەمدەزانی کە خۆم لەنێو خۆمدا بەچەند گوللەیەك کوژراوم ، ئەو ئێوارەیەی کەتازە هەستم بە کوژراوی خۆم کردبوو بیرم بۆ پرسەو مەراسیمەکانی تری دوای نەمان نەدەچوو ، نەمدەزانی ئەوانەی دوای من لە چ هەواو چ ئازارێك دان ؟ بێگومان بەبۆچوونی خۆیان، نەدەکرا تەفسیری چرکەکان بکەم وەك ئەو ساتانەی هەبوون وەك چۆن تەفسیرەکانم بۆ نەدەکرا بەهەمان شێوە دەستەکانیشم هیچیان نەدەگرت ، بۆنیان هەر لەبۆنی پاشماوەی ئەو نهێنیانە دەچوو کە بەئاشکرا ، بوونیان ئافاتی گەورە گەورەیان لەدوای خۆیاندا جێدەهێشت ، راستیەکەی تاکە جیاوازیەك کە ناکرێ بێ دەنگبم لێی ، لەنێوان سەردەمی بوونی ئەو ساو نەبوونی ئێستامدا نەمانی گریانەکان بوون، گریانەکان لێرە نابینرێن ئێستا ، رەنگبێ شتی تریش هەبن بەلاّم من نەم دیبن ئەگەر بوار بێ جارێکی تر بەتێرو تەسەلی دەیاننووسمەوە، لەبووندا گوڵەکان ماچ دەکران ، ئێوارەکان بەباڵشکاوی دەمانەوە ، (با) یەکان زۆر جار زەبروەشێن و زۆرجاریش شنە بوون. پێیەوە ئاهەکان قووڵ دەبوونەوە بەهەرحاڵ من لەم مەملەکەتەی ئێستامدا ،دەکارم مەملکەتەکەی ئێوەی ئێستاو منی جاران بەکوژراوی ، بەجەستە پڕ لەگوللە شەقار بووەکەم راڤەبکەم، ئەمەش بۆمن بێگومان هیوایەکی نوێو موژدەی هەسارەیەکی تری دوای بوونە ،ئەوانەی سەراسیمەن بەو شوێنەی من دڵنیام بەبیستنی ئەو هەواڵە دەکەونەقالبێکی تری رامان،

لەوێ هەر کە لەقاپیەکەی یەکەمدا هاتمە ژوورەوە جلە کون کونەکەم خوێنی لێ دەچۆرا ، سەرەتا شەرمم دەکرد بەلاّم دواتر شتەکان ئاسایی بوون ، لەنێو کوژراوەکاندا من لەهەموویان نوێ تر بووم بەلاّم گەنج تر نا .منالّی کوژراوی وا هەبوو لەسەر بێشکە هێنرابووە خوارەوە ،کچی عازەبی تیابوو قۆڵو باسكو سمتە جوانەکانیان مابوون بەلاّم سەریان کون کون ببوون، سیمایان شێواوبوو ، کەلیێان نزیك دەبوویتەوە سەرو سیمای ئەوانت لەبیر دەچوو لەبەرجوانی روخسارو دڵ وئاخاوتنەکانیان ، هەبوو دەیگووت تەنها لەسەرکردنەوەی پەنچەرەی هەورەبانەکە کوژراوم ، هەبوو لەسەر نوسینی کاغەزێك بۆ هاورێیە ئەنتیسێکسەکەی ، لەسەر بۆیاغکردنی نینۆکی پەنجەکانی، هەشبو نەیدەوێرا بڵێ لەسەر چی کوژراوم نەبادا دووبارە بێنەوەو بەکوژراوی بیکوژنەوە!! ، لەژوورەکەی ئەو لادا بەدەیان منالّ وەستا بوون کەمنیان بینی شاگەشکەبوون، لەچاوانیان دا دیاربوو حەز بەئاخاوتن لەگەڵ مندا بکەن، من بۆم نەدەکرا بچمە لایان ئەوانیش پێیانەوە دیاربوو، حەزیان لەگریانیش دەکرد بەلاّم قەدەغەبوو ، هەرچۆنێك بێت چەند دەقیقەیەك لایان مامەوە لەیەکێکیانم پرسی کە هێشتا زمانی نەپژابوو ، حونجەی دەکرد، من دەمزانی چی دەڵێ بەلاّم ئەو بۆینەدەکرا دەریببڕێ !!! کە لەوێدا تێپەربووم کۆمەڵێك چەکدارم بینی ،لەوە دەچوو بەیەکەوەلەیەك جەنگدا کوژرابن هەر بەپەلە دووسێ یەك بەراکردن رووەو من هاتن ،پرسیاری مالّ و منالّو خێزانەکانیان لێدەکردم، هی واهەبوو زۆری لێدەکردم لایان بمێنمەوە ، منیش

ئەگەرچی هەر دەبوایە بمێنمەوە بەڵام بەدوای شوێنێکی شیاو بۆخۆم دەگەڕام شوێنێك بەلای کەم کەمێك لەمەملەکەتەکەی بوون بچێ ... هەورەکان بەگرمە گرمەوە دەهاتن‌و دەچوون ، دیوارەکان تۆکمەو پتەوتر بووبوون لانی کەم سەدان لاشەی تر لەبەر بارانەکە کەوتبوون بۆیان نەدەکرابجوڵێن من حەزم دەکرد یەکەیەکە بیاندوێنم بەڵام نەدەکرا . زۆر گەرام هاوڕێیە کوژراوەکانم بدۆزمەوە هەرنەدەکرا ، دوای ماوەیەك سەرگەردانی لەشوێنێکدا گیرسامەوە هەموو چوارچێوەکانی لەهی مەنفادەچوو ، هەر کێ منی بینیبا بەهۆی برینە نوێکانمەوە دەیزانی کەمن کوژراوێکی تازەم وەك بڵێی لەسەر تەوێلمدا نووسراوە ، وێڵی‌و ماندووبوون وەك چۆن لەودیودا چارەنووسم بوو لێرەش بەهەمان شێوە ،من بەدوای پارووە نانێکدا دەگەرام بەڵام دەستم نەدەکەوت ، کە دەچوویتە سواڵ بۆ لای یەکێك هەر زوو تەریقی دەکردیتەوە ، خەریك بوو شەکەتیم لەپەلوپۆی دەخستم ، لەبەرامبەریشدا یەکێ لەکوژراوەکان هاواری دە کرد من فلانی کوڕی فلانم .

لەبەرواری ....ڕێکەوتی .... لەبەردەم دەرگاکەی سینەمای... درامە بەر دەست ڕێژی گوللە لەلایەن کەسێکەوە کە بەداخەوە نەمتوانی ناوی بزانم تا ئێستا بێ سەرو شوێنم، هەربەردەوام بوو لەهاوارکردن‌و کوژراوەکان بەڕیزو بەتاسەوە گوێیان بۆ شل کردبوو ،، ئێمە کۆمەلێك گرفت بووین لەوێ ، بۆ خۆمان حەزمان لەژیانی ئێرە نەبوو، بەڵام نێردراین داوای تەنها لەتێ نانتان لێدەکەم هیوادارم بۆم جێبەجێبکەن ،، کەئەمەی گووت کوژراوەکان پەرت بوون منیش ڕۆیشتمە ژوورەکەی ئەولا کۆمەلێك کوژراوی ترم بینی، بەڵام جەستەیان سەلامەت بوو دوای لێکۆڵینەوەم لەگەڵیاندا بۆم دەرکەوت کەئەوان بەشی زۆریان لەناو چاڵی گەورە گەورەدا بە ریز هەر بە زندوێتی نێردراونەتە ئێرە ، دەشێ لە زیهنی ئەوانەی ئەودیودا هەر لە زەنزانەکانی ئەوێدا مابنەوە بەشێکیشیان بەنوێترین چەکی بایلۆژی سەردەم کوژراون، لەو سەرسامیەمدا هیوای دووبارەکوشتنەوەی خۆمم دەکرد بەڵام .... نەدەکرا، کەسیش نەیدەوێرا.....!!

هەولێر
jamalpira@yahoo.com